# له ژیان درێژتر

د. ڕەفیق سابیر

ڕێگایەک لە ژیان درێژتر.

من وەکو زایەڵە بە ڕێوە بۆشایی دەپۆشم. بە خۆمدا، بە خەونی تاوێردا
ڕۆدەچم، دەخوازم وەک چۆڕێک ڕووناکیی شڵەژاو شێوازی خۆم بگرم.
ڕوخسارم ڕەنگپەڕیو دەبێتە ئاوێنەی تەمگرتووی دوورییەکان دڵیشم
دەپێوێت ڕێی ژیان بە پێوان*

تۆ لە کوێیت تا دڵم هەڵبگریت

نیگاری فەزاکەم بکێشیت

بە ڕیتمت کەوتنم ڕابگریت!

زەمانم وەک ڕووبار بێ مەبەست ڕێدەکات، لە بەردەم سارادا پەرت دەبێت، دەگۆڕدرێت
بە ڕەنگ و سێبەر و خەونەگوڵ، دەبێتە دووریانی پەیڤین و بێدەنگی.
شەوگاری پەیڤینە بێدەنگی دەدوێنم، کە ورشەی ڕاستییە، بێدەنگی خۆی باخی مەجاز و
مانایە.

بەڕێوە... زەمانم لەگەڵم ڕێدەکات. لە سیمای خوناودا وێنەی خۆم دەبینم: بەشێکم وەک
باڵی وەریوی پەپوولە بۆ نیشان، بۆ گەمەی ڕێکەوت جێماوە، بەشێکی
دیکەیشم بە ناو نادیاریدا دوای مانا و چارەنووس کەوتووە.

ڕێگایەک لە ژیان درێژتر
بەڕێوە زەمانی پەرتێنم وەک دڵم هەڵدەگرم
دەمەوێت وەک چۆڕێک ڕووناکی شپرزە دوامەودای خۆم ببرم.